کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:21 9-12-2007

## بەرپرسانی کورد لە بەغدا نوێنەری کوردن یان بەریرسی عێراقین. ... هەلۆ مێرگەسۆری

دەولەتی عێراق لە رووی پێکهاتەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە ئەویش پێکهینانی حکومەت لەسەر ئەساسی رێککەوتن (توافق) بووە. بەم واتایە هەر بەرپرسێك نوینەرایەتی ئەو لایەنە دەکات کە دەنگی پێداوە و پێویستە بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی ئەو لایەنە بکات. هەروەکو سەیر دەکەین زۆربەی بەرپرسانی عێراقی ئەم بنەمایە پیادە دەکەن هەر لە سەرۆك وەزیرانی عێراق بگرە کە سەر بە تائیفەیەکی دیاریکراوە و بە هەموو هێزی خۆی هەولی پاراستنی بەرژەوەندی ئەم تائیفەیە ئەدات هەروەها نوێنەرانی کوتلە ی سوننەکانیش بەم شێوەیە تێریح و هەلسوکەوتەکانیان لە پێناو بەدەستهێنانی بەرژەوەندی خۆیانە کەوابی بۆچی دەبێت تەنها کوردەکان عێراقچیەتی بکەن. بۆیە پێویستە لەسەر کوتلەی کوردی لە حکومەت و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی بەرگری لە دەستکەوت و بەرژەوەندی کورد بکات و هیچ شەرمی تێدا نیە چونکە ئەوانە بە دەنگی ئەم میللەتە چوونەتە ئەم شوێنانە و بە نوێنەری کورد لە قەلەم ئەدرێن. ناکرێت بلێن وەکو کورد کار بکەن و عێراقی بوونی خۆیان فەراموش بکەن یان ئەرکە ئیداریەکانیان رانەپەرێنن بە چاکی لەبەر ئەوەی هەموویان ئەرکیان لەسەر ئەوجا لە سەرۆك کۆمار بگرە تا وەزیرەکان و نوێنەرانی پەرلەمان، بەلام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە لە پێناو ئەرکی فەرمی حکومەت ئەوەش لە بیر بکات کە ئەوان نوێنەری کوردن. کەواتە ئەگەر وابیت پێویست نیە هەر کێشەیەکی بچووك یان گرفتێك لە بەغدا روویدات سەرۆکی حکومەت یان وەفدێکی هەرێم بچیتە بەغدا ئەم کیشانە گفتوگۆ بکات و چارەسەریان بکات. ئەگەر وابیت ئەوان ئیشیان لەوی چیە؟ ئەگەر تەنها لەوی بن بۆ مووچە و پۆستەکانیان رادەگرن و لە بیریان بچیت کە ئەوان بە دەنگی میللەتیَك چوونەتە سەر کورسیەکان ئەوە دروست نیە.. بۆچی تا ئێستا گوێمان لێنەبووە بەرپرسێکی بالای کورد بە سەرۆك کۆمارەوە یەك تێریح بدات کە کورد بوونی خۆی بسەلمێنییێت.

سەیر لەوەدایە وەکو دەبینین هەموو بەرپرسانی تری عێراق لە بەرژەوەندی خۆیان هەول ئەدەن. وەکو چۆن بەرێز هاشمی جێگری سەرۆك کۆمار ئەو یاسایەی سوودی بۆ لایەنەکانی تر تێدا بیت ئیمزای لەسەر ناکات و تا ئێستا گویمان لێنەبووە جەنابی سەرۆك کۆمار یەك تێریح بدات بۆ سەلماندنی کورد بوونی، نکۆلی لەوە ناکرێت ئەم بەرێزە ئێستا سەرۆکی هەموو عێراقیەکانە بەلام دەکرێت ئەوە لەسەر حیسابی دەستکەوتەکانی گەلی کورد بیت، ئەو دەستکەوتانەی رووبارێك خوێنی لە پیَناودا رژاوە.

ئیمزا نەکردنی یاسای پێدانی قەرز بۆ نۆژەنکردنەوەی بەنداوی دوکان و دەربەندیخان لە لایەن جێگری بەرێزیان پێویست بوو هەلویستێکی هەبیت.

باسێکی تر ئەوەیە جەنابی سەرۆك کۆمار باس لە رێرەوی یاسا دەکات لە جێبەجێکردنی سزای تاوانبارانی ئەنفال لە کاتێکدا کە هەموومان دەزانین قۆناغی دوایی بۆ جێبەجێکردنی سزاکەیان دەرکردنی مەرسومی کۆماری یە. ئایا ئەمە رەوایە بەرێزیان جێبەجێکردنی ئەم سزایە رابگریت بە بیانوی ئیمزا نەکردنی حوکمی لەسێدارەدان بۆ هیچ کەسێك لە کاتێکدا کە لە سێدارەدانی ئەم تاوانبارانە نەك تۆلە سەندنەوەی خوێنی هەزارەها شەهید و ئەنفالی کورد و تۆلەی تێکدانی هەزارەها گوند و ئاوارەکردنی سەدان خانەوادە و تێکدانی شیرازەی خانەوادەکەیانە بەلکو لە رووی سیاسیشەوە گورزێکی یەکجار گەورەیە لە رێرەوی پێشڤەچوونی ئەزمونی کوردی. لەبەر ئەوەی ئێمە هەموو هەولمان ئەوە بووە بیسەلمێنین جینۆساید بەرامبەر بە کورد کراوە و ئەگەر ئێمە لە داهاتووش داوای جیابوونەوە بکەین لە دەولەتێك کە جینۆسایدی کردووە مافێکی سروشتی یە ئەمە جگە لە سەلماندنی قەرەبۆی ئەم هەموو خەلکە لەسەر حکومەتی عێراقی. بەلام ئیمزا نەکردنی ئەم حوکمە هەموو ئەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەستکەوتانە پاش دەخات و تەنانەت هەر نامینێت. کەواتە ئەم نوێنەرانە ئاستەنگن لەبەردەم بەرژەوەندی کورد. بۆیە پێویستە پێداچوونەوەیەك لە ئەرکەکانی خۆیان بکەن و ئەوەیان لە بیر نەچیت کە بە نوێنەرایەتی نەتەوەیەك لەوی دانیشتوون نەك بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی و بۆ کورسی و دەسەلات و پێهەلگوتن.

2007/12/8

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.